پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وشترێکی لێی کڕی، نرخەکەی بۆی کێشا وزیاتری پێیدا

له جابرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وشترێکی لێی کڕی، نرخەکەی بۆی کێشا وزیاتری پێیدا».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم فەرموودەیە چیرۆکێکی درێژە بەڵام لێرەدا بە پوختی باسکراوە، جابر -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: (پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وشترێکی لێی کڕی): واتا وشترێکی لە جابر کڕی. (نرخەکەی بۆی کێشا): واتا پێغەمبەر نرخی وشترەکەی بۆ جابر کێشا لەسەر تەرازوو، لێرەدا لە ڕوانگەی ڕوخسەت پێدانەوە باسکراوە چونکە لەڕاستیدا بیلال -ڕەزای خوای لێبێت- نرخەکەی کێشا ئەمیش بە فەرمانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەروەکو لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە جابر -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: (فأمر بلالا أن يَزِن لي أوقية، فوزن لي بلال، فأرجح في الميزان) [رواه مسلم] واتە: (فەرمانی بە بیلال کرد کە نرخی یەک ئۆقیەم بۆ بکێشێت، ئەویش بۆمی کێشا، وزیاتر لە نرخەکەی خۆی بە من بەخشی لە تەرازووەکەدا)، واتا لەو بەشەی کە جابر -ڕەزای خوای لێبێت- شایستەیە پێی بدرێت بۆ نرخی وشترەکە؛ زیاتری پێی بەخشی، ولە پێشوودا مامەڵەیان بە نرخی دراوەکانەوە دەکرد بە کێشان نەک بە ژماردن، ئەگەرچیش هەندێک جار بە ژماردن مامەڵەیان دەکرد بەڵام زۆر جار بە کێشان بوو.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4231